www.kurdistannet.org
29-1-2006 17:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

فەنابوون لەکاردا یان فەناکردنی کار ... د. ئاوات محمد ئەمین

Awat73@hotmail. com

کارکردن هەیە وفەنا بوون لەکارکردندا هەیە، بەبڕوای من ئەم فەنابوونە ترۆپکی دڵسۆزی مرۆڤە بۆ ئەو کارە، وێڕای جوانکردنی خودی کارکردن وخزمەت کردنی مرۆڤەکان پێی.

مامۆستایەکی بەڕێز دەناسم ڕۆژێك وتی: خواناسەکان دەڵێن ئێمە فەنابوونمان هەیە لەگەڵ خۆشەویستی خوای گەورە بۆیە هەمیشە ناوی خودا وبردی زوبانمانە ولەگەڵ باسکردنیدا جەزبە دەمانگرێت ودەچینە جیهانێکی پڕ لە خۆشی وکامەرانیەوە، وە ئەوین داریك دەڵێت منیش فەنابوونم هەیە لە خۆشەویستی وئەویندارێدا بۆیە لەگەڵ ناو هێنانی خۆشەویستەکەم تەزوو لەرزێك بەگیانمدا دێت وحەزێکی سەرکەش بەتوانەوە لەناو خۆشەویستدا باڵ ئەکێشێت بەسەر هەموو کیانمدا، وهەندێ سەرمایەدار وبازرگانیش دەڵێن ئێمەش فەنابوونمان هەیە لەگەڵ ماددە وپارەدا بۆیە هەمیشە لەبەرچاومانە وبیرو هۆشمانی پێوە سەرقاڵە، وکەسێکی دڵسۆز وخەمخۆریش دەڵێت منیش فەنابوونم هەیە لەکارکردندا لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وبەرجەستە کردنی ئەو بەهایانەی کە بەتاسەوەم لەناو کۆمەڵگادا ڕەگ دابکوتێت وپاشان بە وێنەی سورە چنار وداربەڕوو باڵا بکات، ئەم کەسانە مانای پشوو دان نازانن، وهەمیشە ئامادەن ولەخزمەتی خەڵکیدان...

شایانی باسە ئەم چوار نمونەی فەنابوونە خاڵی هاوبەشیان زۆرە بەڵام سەرەکی ترینیان ئەوەیە هەموویان شەیدای دیدار ولیقای ئەو شتەن کە دەیانەوێت فەنا بن تیایدا (خودا، خۆشەویستی، پارە، کارکردن) ، وهەموویان هەمیشە لەبزاوتندان بۆ بردو دان بەو هۆکارانەی کە دەیان گەیەنێتە ئەو ئەنجامانەی کەبەتەواوەتی فەنایان دەکات لەو بوارەی کە ئالودەی بوون.

کار ئەگەر بەم ڕۆحەوە بەرەو ڕووی نەچیت، ئەوا لەشت قورس دەبێت پاشان سێبەر وکارەکەش قورس دەکەیت، وهەرگیز ئامادە نابیت کە بەتەواو لێبڕانەوە وبەو پەڕی دڵسۆزیەوە دەست بدەیتە کارەکانت.

خەڵکی گەییان لەڕۆتینیاتی ناو بەڕێوەبەرایەتیەکان ودەزگاکانی حکومەت هەیە کە کارکردن وڕاپەڕاندنی کاروباری هاوڵاتیان زۆر سستە ئەمەش لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەگۆڕێت، هەروەها لەفەرمانبەرێکەوە بۆ فەرمانبەرێکی تر دەگۆڕێت، وئەم جیاوازیەش ئەم فەنابوونە وچەمکە نزیك وهاوشێوەکانی دروستی دەکات.

کارکەر یان فەنا ئەبێت لەکاردا یان خودی کارەکە فەنا ئەکات، پاڵنەر وساردەکەرەوە بۆیان زۆربەی بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، بواری ڕۆشنبیری وئاکاری ومادی و... هتد گەر چاکسازیی کرا لەم بوارانەدا ئەوا بەشێوەیەکی زۆر چاك ناوەرۆکی ئەم چەمکانە خۆیان نمایش دەکەن وهەموویان دەبنە هۆی بەرەو پێش بردنی وڵات وخۆشکردنی ژیان لەسەر زەویی ولەژێر ئاسمانیدا، ئەو کات ئەوانەی کە دور کەوتبونەوە لێی لەبەر هەر هۆیەك بوبێت پۆل پۆل وبەشەوقەوە بەرەو ڕووی دەگەڕێنەوە وجارێکی تر هێلانە دروست دەکەنەوە تیایدا.

ئێستا جێگای خۆیەتی بپرسین، ئایا لە کوردستانی خۆشەویستدا دەزگاکان وبەڕێوەبەرایەتیەکان فەرمانبەرەکانیان فەنا بوون لەکاردا یان کارەکانیان بەرەو فەنابوون بردووە؟، ئەمە پرسیارێکە بێگومان وەڵامدانەوەکەی ڕای جیاواز هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوە ماوە کە بڵێم بەبۆچوونی من زۆرمان ماوە لە چەمکی فەنابوون لەکاردا نزیك بینەوە، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ کارەکان بەرەو فەنابوون دەبەین.